# بەعسیەکان بۆیان نییە بچنە ژورەوە

((هیوا کەرکوکی))

ئەم نوسینە لە نزیک مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە نوسراوە وەک ئەوەی خەڵکی هەڵەبجەو کوردستان بێ ئاگا بن لەو دونیا یان بەعسیەکان نەناسن بەراستی ئەم لایەنانە کورد بە کۆیلە دەزانن خۆیانیش بە خاوەنی کۆیلەکان بازرگانی بە زیندو مردوەکانیشەوە دەکەن وا 14 ساڵە بە ناوی شەهیدو ئەنفال و ئاوارەو هەلەبجەوە پارە لە هەمو دونیا وەردەگرن بۆ خۆیان هەر تێریان نەخوارد ..نازانم بەلای ئەم حزبانەوە کێ بەعسیە ئەری خەڵکینە ئەوە کۆنە بەعسیەکان نین لە ناو حزبەکان بونەتە نۆینەری کورد میوانەکان دەبەنە سەر مەزاری شەهیدان ئەری ئەو هەمۆ فایڵچیانە بە بەعسی نازانن وا دیارە ئەوان بەس سەدام بە بەعسی دەزانن ئەی ئەو فایڵچیانەی تا ئیستا ئەو دوو حزبە فایلەکانیان شاردەتەوە بۆ رۆژی ڕەش بە بەعسی نازانن ئەی ئەو هەمۆ بەعسیانە بە ئاشکرا بەعسی بۆن بە بەعسی نازان خۆ دەبی بزانین بەعسی بەس بە ناو نیە بەکردەوەیە بەزۆری ئەو کاربەدەستانە کردەوەکانیان بەعسیانەیە بەس بە کوردی لە پاڵی کوردایەتیدا بە راستی ئەمانە حزبی عاجباتی دونیان